# پاشماوەی شوێنەواریەکان وەك بەشێك لە ناسنامەی نەتەوەیی مێژووی نوێی عێراقدا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی مەلیك فەیسەڵی یەکەم لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ - ١٩٣٣

# البقايا الاثرية كجزء من الهوية القومية في التاريخ العراقي الحديث في فترة الملك فيصل الاول بين ١٩٢٠-١٩٣٣

# Archaeological remains as part of national identity in modern Iraqi history in the period of King Faisal I between 1920-1933.

**ڕوخسار رمضان احمد[١]، هێمن صلاح الدين زين الدين[٢]**
[١] یەکەی شوێنەوار، سەرۆکایەتی زانکۆ، زانکۆی ڕاپەڕین، شاری ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی مێژووو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: rukhsar.ramazan@gmail.com

**پوختە:**

گفتوگۆ کردن لە بارەی زانستی شوێنەوارناسی بۆ دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی لە سەدەی نۆزدەیەمەوە بەکاردەهێنرێن لە ڕێگەی توێژینەوە شوێنەواریەکان کە تیشك دەخاتە سەر پاشماوە شوێنەواریە مادیەکانی بینای شارستانی وەك خانوو وکۆشك وە بینای ئایینی وەك پەرستگا، کڵێسا و پاشماوەی شوێنی نیشتەجێبوون وەك گوند و شارەکان، هەر ئامێر و کەرەستەیەك کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بۆ پرکردنەوەی پێداویستیەکانی خۆی بەکاریهێناون، هەروەها توێژینەوە شوێنەواریەکان تیشك دەخەنە سەر شوێنەوارە مەعنەویەکانی وەك داستان و ئەفسانە و چیرۆك وبیروڕا ئاینیەکان کە بۆ پێناسی ناوچەو شوناسی نەتەوەیی گرنگن. لەم چوارچێوەیەدا پاشماوە شوێنەواریەکان و بابەتە کەلەپوریەکان بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگی دەربڕینی شوناسی کەلتوری ناوچەی و نەتەوەی و نێودەوڵەتی. کارەکانی هەڵکۆڵین و گەڕان بەدوای پاشماوە شوێنەواریەکان لە ناوەڕاستی سەدەی پانزە و شانزەوە سەری هەڵداوەو لە لایەن خەڵکانی ناشارەزاوە بەڕێوە دەچوون. بۆیە دەبینین تیمەکانی کنەوپشکنینی ئەوسەردەمە لە لایەن کەسانی ئارەزوومەند و گەڕیدە و بازرگان و ڕۆژهەڵاتناسان و ژمارەیەك لە پیاوانی پلە بەرز لە سوپا و کونسەڵگەری وولاتانی ئەوروپا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دەکرا تەنها بۆ مەبەستی دەرهێنانی شوێنەوارەکان و دۆزینەوەی شوێنی شارستانیەتە کۆنەکان و بازرگانی کردن بە کەل و پەلی شوێنەواریەوە بەبێ بایەخدان بە گرنگی و نرخی ئەوە پارچە شوێنەوارە لە ڕووانگەی گرنگی شوێنەواری و مێژوویانەوە. ئەمە لە کاتێکدا لە عێراق کە وولاتێکی تازە دامەزراو بووە لە سەدەی نۆزدەدا کەمترین بایەخ بە بەکارهێنانی پاشماوە شوێنەواریەکان دراوە وەك ناسنامەیەکی نەتەوەی هەرچەندە میسۆپۆتامیا وەك لانکی شارستانی ناودەبرێت لە جیهاندا.

**ووشە کلیلیەکان:** ناسنامەی کولتووری، ناسنامەی نەتەوەیی، مۆزەخانەی نیشتمانی، زانستی شوێنەوار، هەڵکۆڵینی شوێنەوار.

---


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10543 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٢/١ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٤/٢٦ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | rukhsar.ramazan@gmail.com |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٤ م.ڕوخسار رمضان احمد، م. ی.هێمن صلاح الدين زين الدين،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**الملخص:**

منذ القرن التاسع عشر يوظف علم الآثار في بناء و تقوية الهوية الوطنية، وذلك من خلال الدراسات الأثرية التي تلقي الضوء على البقايا الاثرية المادية مثل القصور و المعابد و المواقع الإستيطانية مثل القرى و المدن وكذلك الآلات و الوسائل التي كان الانسان يستخدمها لتلبية إحتياجاته اليومية. تلقي الدراسات الاثرية أيضا الضوء على النتاجات المعنوية مثل الحكايات و القصص و الأساطير و المعتقدات الدينية التي لها دور محوري في التعريف بالملامح الجغرافية و بالهوية الوطنية و القومية، من هنا تأتي أهمية الآثار و المواقع الأثرية في التعبير عن الهوية الثقافية و المناطقية و القومية و الدولية.

ظهرت علم الآثار كفرع من فروع المعرفة له أصوله المبكرة ظهرت في أوروبا في القرنين الخامس عشر والسادس عشر. جرت أعمال البحث و التنقيب عن الآثار في الشرق الأوسط من قبل فرق التنقيب تقوم بها الهواة و الرحالة و التجار و المستشرقين و الضباط رفيعي الرتب و القناصل الأوروبيين. قام هؤلاء بإستخراج القطع الاثرية بغية الإتجار بها و الاستفادة منها إقتصاديا دون الإهتمام بإهمية تلك القطع من الناحية التاريخية و الاثرية. هذا في وقت كان العراق دولة حديثة النشأة، ولم تكن الإلمام و الإهتمام بالآثار بمستوى مطلوب و النظر إليها كهوية قومية على الرغم من كون بلاد الرافدين مهد الحضارة الإنسانية.

**الكلمات المفتاحية:** الهوية الثقافية، الهوية الوطنية ، المتاحف الوطنية ، علم الآثار ، الحفريات الأثرية.

## Abstract:

Since the nineteenth century, archeology has been used to build and strengthen national identity, through archaeological studies that shed light on material archaeological remains such as palaces, temples, settlement sites such as villages and cities, as well as the machines and means that man used to meet his daily needs. Archaeological studies also shed light on intangible productions such as tales, stories, legends, and religious beliefs that have a pivotal role in defining geographical features and national identity. Hence the importance of antiquities, monuments, and archaeological materials in expressing cultural, regional, national, and international identity.

Archeology emerged as a branch of knowledge that has its early origins in Europe in the fifteenth and sixteenth centuries. The search and excavation of antiquities in the Middle East were carried out by excavation teams done by amateurs, travelers, merchants, orientalists, high-ranking officers, and European consuls. They extracted artifacts in order to trade in them and benefit from them economically, without caring about the importance of those artifacts from a historical and archaeological point of view. This was at a time when Iraq was a newly established country, and the knowledge and interest in antiquities were not at the required level, and looking at them as a national identity, despite the fact that Mesopotamia is the cradle of human civilization.

**Keywords:** Culture identity, National identity, national museums, archaeological science, Archeological excavation.

## بایەخی توێژینەوەکە:

مێژووی بەکارهێنانی شوێنەوارەکان وەك ناسنامەی نەتەوەیی و ڕێگاکانی توێژینەوەی شوێنەوار و ناسنامەی نەتەوەی بایەخێکی گرنگی هەیە لە سەرتاسەری جیهاندا و هەر لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە و دواتریش. ئەوەی تێبینی دەکرێت لە عێراق نوێدا بایەخێکی زۆر بەم بابەتە نەدراوە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ وڵاتانی زلهێزی ئەو سەردەمە و بەتایبەت ئەو وڵاتانەی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بەشداربوون ودەوڵەتی عوسمانیش لەوسەردەمەدا. یەکێك لە ئامانجەکانیان گەڕان و دۆزینەوەی شوێنەوارەکان و گواستنەوەیان بۆ مۆزەخانە نیشتمانیەکانی خۆیان بووە کە تاکو ئێستاش ئەم شوێنەوارانە دوور لە زێدی خۆیان لە مۆزەخانەکانی وڵاتانی جیهاندا هەڵگیراون و نەگەڕێندراونەتەوە بۆ عێراق. کە ئەمە پرسیاری بەردەوامی هاونیشتمانیانە کە چۆن و بە چ ڕێگا و شێوازێك ئەم شوێنەوارانە گەیشتوونەتە ئەم وڵاتانە. لەم توێژینەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن ئەم شوێنەوارانە گوازراونەتەوە بۆ دەرەوەی عێراق. کەمی گرنگیدان بە شوێنەوار و سیستمی حکومڕانی وبەڕێوەبردنی وڵات هەموو ئەمانە ڕێخۆشکەر بوون بۆ وڵاتانی جیهان بە شێوەیەکی خێرا تیمە شوێنەوارناسەکانیان بنێرن بۆ سەرزەمینی میسۆپۆتامیا و بەشداربن لە دۆزینەوە شوێنەواریە گرنگەکانی ئەم سەرزەمینە. وەهەروەها لەم توێژنەوەیەدا بایەخ دەدرێت بە ڕوونکردنەوە و دەرکەوتن و گەشەکردنی بیری Pan-Arabism لە عێراقدا هەر لە سەرەتایی مێژووی دروست بوونی عێراق سیاسیدا وەك پێکهێنانی ڕێبازێکی نەتەوەپەرستی عێراق لە ژێر فەرمان ڕەوایی سیستمی پاشایی لە عێراق.

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

پاراستنی پاشماوە شوێنەواریەکان لە سەرتاسەری جیهاندا و بە درێژایی مێژوو یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی دەسەڵاتدارانی وڵات و هاونیشتیمانیانە چونکە شوێنەوارەکان شوناسی ئەو نەتەوانەن کە لەسەرزەمینی شوێنەوارەکان نیشتەجێن. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لە پرسیاری بەردەوامی هاوڵاتیان لە بارەی هۆکاری پاراستن و پیشاندانی پارچە شوێنەواریەکانی میسۆپۆتامیا لە مۆزەخانەکانی جیهاندا و ڕێکار و شێوازی گواستنەوەی ئەم شوێنەوارانە هۆکاری نەگەڕاندنەوەیان بۆ زێدی خۆیان وە سەرنج و تێبینی خەڵکی ئاسایی لەسەر تیمە شوێنەواریەکانی ئەم سەردەمە کە کاری کنەوپشکینی شوێنەواری ئەنجام دەدەن. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی تەواو دراوە بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە و ڕونکردنەوەی هەڵوێست و خەمخۆری کەسانی دەسەڵاتی باڵا سەبارەت بە گرنگیدانیان بە شوێنەوارەکان کە ئەمە هۆکاری سەرەکی بووە بۆ ئەنجامدانی کنەوپشکینی زۆری شوێنەواری لەلایەن تیمی شوێنەورناسیەکانی وڵاتە جیاوازەکان لە سەردەمانی سەرەتای دروست بوونی وڵاتی عێراق و بەخێرای گواستنەوەی پارچە شوێنەواریە دۆزراوەکان بۆ دەرەوەی عێراق. سەرەڕای پێشکەشکردنی زانیاری ڕاست و دروست بە شێوەیەکی زانستی و وورد لە سەر گشت شوێنەوارە دۆزراوەکان لە ئەنجامی هەڵکۆڵین هەروەها پێشکەش کردنی زانیاری بە وێنە و نەخشەی ڕون و لە سەر پاشماوەی بیناسازیە دۆزراوەکان بە پێی پێوەر و ڕێنمایەکانی شوێنەواری.

## دەروازەیەك بۆ ناساندن و سەرهەڵدانی ناسنامە:

مێژووی سەدەکانی ڕابردووی عێراق ڕژێمی جیاوازی فەرمانڕاوایی بە خۆیەوە بینیوە لە ڕژێمی پاشایی بۆ دیکتاتۆری کە کلتور و کەلەپوری نەتەوەیان بەکارهێناوە بۆ پێشکەوتن و یەکگرتنی نەتەوەیی و بەرهەمهێنانی ناسنامەیەکی یەکگرتووی نەتەوەیی لە ڕێگەی بەکارهێنانی مێژوو و ڕابردویەکی هاوبەش. بۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵگایە پێشبینی کراوە دروست بکرێت ڕژێمە حوکمڕانەکان کۆمەڵێك هێما و دامەزراوەیان بەکارهێناوە بۆ نموونە ئاڵا، سروودی نەتەوەی، کتێبخانە، مۆزەخانە، پەیکەر و مۆنیومێنتەکان، هەموو ئەمانە لەسەر بنەمایەکی تاڕادەیەك لەیەك چوو بنیادنراون کە پشت بەستوو بووە بە گوتار و چیرۆك و مێژووی ڕەسەنی نەتەوەی بۆ دروستکرنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوو (Anderson, 2006: 1-3). ئەم یەکگرتنی نەتەوەیە لە ڕێگای بەکارهێنانی ڕابردووی نەتەوە بە شێوەیەك ڕێکدەخرێت کە بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی نەتەوەی بگونجێت و دەستەیەکی دیاری کراو حکومڕانی بکات. بەم قۆناغە دەوترێت ( داهێنانی نەریت ) کە دووبارە کردنەوەی کۆمەڵێك


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کردار و نەریت و هێمان بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕێکوپێك ڕێکخراوە و قبوڵکراوە، فەرمانڕەوایان لەم شێوازی حوکمرانیەدا لە هەوڵی فێرکردنی نرخ و بەهای دابوونەریت و ڕەفتارەکاندان لە ڕێگای دووبارەکردنەوەی نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگەکەیانەوە ئەمەش بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەستنەوەی کۆمەڵگەیە بە مێژوو ڕابردووەکەیەوە. ئەمە ڕوونە کە ژمارەیەك لە دامەزراوەی سیاسی و کۆمەڵ و گروپە هزریەکان ناچنە ناو ئەم چوارچێوەی حکومەتی نەتەوەیەوە، هەرچەندە کۆمەڵگە بە ڕووداوە مێژووی و نەریتە کۆنەکانەوە ببەسترێتەوە لە ڕێگەی دووبارە کردنەوەی نەریتە کۆنەکانەوە. هەروەها ئەمەش بە تەواوەتی ڕوونە کە سەرەڕای دووبارە کردنەوەی نەریتەکان بەڵام هێما و ئامرازی نوێ بەشێوەیەکی بەردەوام لە ناو نەتەوە و حکومەتدا دروست دەبن بۆنموونە گۆڕانکاری لە سروودی نیشتمان و ئاڵا و بە هێما کردنی نەتەوە (Eric, 1992: 1-7)

لەم توێژینەوەیەدا باس لە ناسنامەی نەتەوەی عیراق دەکرێت لە ڕوانگەیەکی شوێنەوارناسیەوە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی پاشایی ( مەلیك فەیسەڵی یەکەم ) کە فەرمانڕەوایی عێراقی کردووە هەر لە سەرەتای دروست بوونی حکومەتی عێراق لە لایەن بەریتانیەکان لە ساڵی ١٩٢١ ەوە، وە لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی بابەتەکانی شوێنەواری بۆ دارشتن و گونجاندنی ناسنامەی نەتەوەیی بۆ نەتەوەکانی سەر زەمینی عێراق دەکات، زۆرترین نموونەکانی ئەم توێژینەوەیە نموونەی شوێنەواریەکانی مسیۆپۆتامیان لە سەردەمەکانی پێش ئیسلام. بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵ و بۆچوونی فەرمانڕەواکانی عێراق لە بارەی مێژوو و شوێنەواری عێراق و مسیۆپۆتامیای کۆن و بەکارهێنانی ئەم مێژووە دێرینە وەك بەشێك لە ناسنامەی نەتەوەی نەتەوە جیاوازەکانی ناو خاکی عێراق و بەرز کردنەوە و چەسپاندنی بەرنامەی فەرمانڕەوایی خۆیان. شێوازی ئەم توێژینەوەیە توێژینەویەکی شیکاریە بۆ بەشێك لە قۆناغی مێژووی نوێی عێراق، ڕوونکردنەوەی کاریگەری سیستەمی بەڕێوەبردن لە سەر پاراستن و ناساندنی شوێنەوار وەك ناسنامەی نەتەوەی (Baram, 1994: 284- 288). پرسیاری سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە کە چۆن حکومرانی بنەماڵەی پاشایەتی عێراق توانیویانە شوێنەوارەکان بەکاربێنن لە بنیادنانی حکومەت و سیستمی فەرمانڕەوایان و ناسنامەی نەتەوەی عێراقی چۆن گەشەی کردووە لە دوایی دروستکردنی عێراق لەلایەن بەریتانەکانەوە.

ئەم توێژینەوەیە دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت:

تەوەری یەکەم: ناسنامەی نەتەوەی چیە، کورتەیەکی مێژووی وولاتی عێراق، شوێنەوار و ناسنامەی نەتەوەیی لە سەرەتای دروست بوونی عێراقدا، شوێنەوارناسە ڕۆژئاوەیەکان لە سەرزەمینی میسۆپۆتامیا،

تەوەری دووەم : دەست پێکی کاری کنەوپشکنینی شوێنەواری لە عێراقدا، شوێنەوار لە سەردەمی داگیرکاری بەریتانیا نێوان ساڵانی ١٩١٧-١٩٢١، شوێنەوار و ناسنامەی نەتەوەی لە سەردەمی مەلیك فەیسەڵی یەکەمدا ( ١٩٢١-١٩٣٣)، دەرئەنجام.

## تەوەری یەکەم:

### ١:١ ناسنامەی نەتەوەی چیە ؟

بابەتی ناسنامەی نەتەوەی یەکێکە لەو بابەتانەی کە ژمارەیەکی زۆری توێژینەوەکانی بواری سیاسی و ڕامیاری و کلتوری داگیر کردوە. دەتوانرێت وا پێناسە بکرێت کە هەستێکە پەیوەندی تاکە کەس بە کۆمەڵگەکەیەوە دەردەبڕێت. زاراوەی ناسنامەی نەتەوەی زاراوەیەکە جیاوازە لە زاراوەی نەتەوە پەرستی. ئەمە دەتوانرێت تێبینی بکرێت لە دەقە مێژوویەکان و بۆچوونی کەسایەتی لە بارەی سەرەتاکانی دەرکەوتنی نەتەوە وەهەروەها بۆچوونی تری جیاواز وەك زمانی کۆمەڵێکی دیاری کرا و جیاوازی نەریتی لە هەرێمە جیاوازەکاندا. لە پێناسەی ناسنامەی نەتەوەیدا ئەمە سروشتیە بە کۆمەڵ و گروپێك بوترێت، ئاوڕدانەوەیە بۆ مێژووی هاوبەشیان، جل و بەرگی نەتەوەیان بە پێی تاکەکەسی، لە کاتێکدا زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە ئاوڕ لە لایەنی سیاسی و نەژادی دەدەنەوە وە ژمارەیەکی کەم جەخت دەکەنەوە لە سەر پاشماوە شوێنەواریەکان کە بەڵگەی کۆنی شارستانیەتی نەتەوە دەبەخشن ،ئەمە ئەوە دەردەخات کە پەیوەندی نێوان شوێنەوار و ناسنامەی نەتەوەی دیاردەیەکی نوێ نیە ( Haider, 2001: 1). لە دوای کۆتای هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و کۆتایی هاتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی سنوری نوێ بۆ

وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بوو، دامەزراندنی حکومەتی عێراق لەلایەن بەریتانیەکان بەپێی یاسای بەڕێوەبردن و ڕێکخستنەوەی هەرێمەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە لە دوایی کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی عوسمانیەکان لە ناوچەکەدا، بەریتانیەکان ئامانجیان مانەوەی دەسەڵاتیان بووە لە هیندستان و دەست گرتن بە سەر دۆزینەوەی نەوت لە عێراقدا. بۆ ئەم مەبەستە بەریتانیەکان وایان دانابوو دەست بگرن بەسەر هەرێمەکانی کەناری دەریای سپی ناوەڕاست تاکو کەنداوی فارس، لە کۆنفرانسی قاهیرە لە ساڵی ١٩٢١ هێڵی سنورەکانی عێراق دیاری کران کە سەرەتا لە یەکگرتنی ویلایەتەکانی بەغداد و بەسرە پێکهاتبوو بە شێوەیەکی حکومەتی کاتی دوای چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی موسل لە نێوان عوسمانی و بەریتانیا و عێراق ویلایەتی موسڵ خرایە سەر عێراق بەم شێوەیە عێراق لە یەکگرتنی هەرسێ ویلایەتی بەغدا و بەسرە و موسل دروست بوو. ئەم وڵاتە نوێیەی عێراق لە کۆمەڵ و نەتەوە و هەرێمی جیاواز پێکهاتبوو کە خاوەنی زمان و بیروڕای ئاینی جیاواز و دابونەریتی جیا بوون. مەلیك فەیسەڵی یەکەم کە لەلایەن بەریتانیەکان هێنراوەتە سەر تەختی پاشایی لە عێراقدا لەلایەن زۆرینەی هۆز و نەتەوە جیاوازاکانەوە ڕێزی لێگیراوە لەبەر ڕەچەڵەکی بنەماڵە و بیروڕای ئاینیەکەی و عەرەب بوونی وەهەروەها کە پێشتر ڕابەرایەتی عەرەبە یاخیەکانی کردووە لە سوریا تاکو ڕزگاربوونیان لە دەستی فەڕەنسیەکان، بەم شێوەیە دیمەشق لەو سەردەمەدا بوو بە ناوەندی نەتەوە پەرستی عەرەبی. بە بەراورد بە دیمەشق بارودۆخەکان لە بەغدادا جیاواز بوون ئامانجی سەرەکی مەلیك فەیسەڵ لە عێراقدا دروستکردنی نەتەوەیەك بووە کە پەرە بە ئامانجەکانی بنەماڵەی هاشمیەکان بدات کە یەك دەگرێتەوە لەگەڵ ئایدۆلۆژیایی نەتەوە پەرستی عەرەبیدا. لەم سەردەمەدا بەم شێوەیە ناسنامەی نەتەوەی لە عێراقدا زیاتر عەرەبی بووە نەك عێراق یاخود میسۆپۆتامی چونکە ئایدۆلۆژیایی ناسنامەی نەتەوەی عەرەبی لەلایەن نەتەوە پەرستی عەرەبیەوە پیشاندەدرا. لەم سەردەمەشدا یەکێك لە ڕێگاکانی ئاشناکردنی نەوەی نوێی کۆمەڵگە بە ناسنامەی نەتەوەیی خوێندنەوەی مێژوو بووە بۆ ئەم مەبەستە پرۆگرامی خوێندنی مێژوو لە خوێندنگاکاندا خوێندراوە بەڵام خوێندنی مێژووی نەتەوەی عەرەبی و ئیسلامی بووە نەك خوێندنی مێژووی کۆنی نەتەوە کۆنەکانی سەرزەمینی مسیۆپۆتامیا، کە ئامانج لەمە دورخستنەوەی هزری نەوەی نوێ بووە لە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە لە بارەی مێژووی نەتەوە کۆنەکانی مسیۆپۆتامیا، هۆکارەکەشی بۆ بیری نەتەوە پەرستی عەرەبی و بیروڕایی ئاینی و مێژووی بنەماڵەی هاشمیەکان گەڕاوەتەوە (Simon, ١٩٩٧: ٨٩-٩٥).

## ١: ٢ کورتەیەکی مێژووی وڵاتی عێراق:

وشەی میسۆپۆتامیا وشەیەکی کۆنی گریکیە مێژووی بەکارهێنانی لە لایەن گریکیەکانەوە بۆ سەدەی چوارەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە بە مانایی ( خاکی نێوان دووڕوبار ) دێت . لە سەردەمی عوسمانیەکاندا ووشەی مسیۆپۆتامیا بۆ هەرێمەکانی ( بەغداد، بەسرە، موسڵ ) بەکارهاتووە. دوو زاراوەی ( الجزیرە ، العیراق ) بەکارهاتووە لە لایەن توێژەران و جوگرافیناسان کە بۆ سەدەیی حەڤدە دەگەڕێنەوە کاتێك کە خێڵە عەرەبیەکان دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرت زاراوەی یەکەم بۆ هەرێمی باکور بەکارهاتووە کە دەکەوێتە نێوان هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتەوە (Gibb et al, 1960: 523-524 ).

مێژوو پێکهاتەیەکی گرنگە لە هەریەك لە وتاری نەتەوەپەرستیەکاندا، بەکارهێنان و هەڵبژاردنی ئەم چیرۆك و سەرگوزشتە شوێنەواریانە زۆرجار کاریگەری زۆر و گرنگیان دەبێت. لە سەدەی بیستەمی عێراقدا بەستنەوەی زانستی شوێنەوار بە مێژووی کۆن بە شێوەیەکی بەهێز پێویستیەکی گرنگ بووە بۆ پرۆسەی بنیادنان و پێکهێنانی حکومەت. بەشێوەیەك لە سەدەی بیستەمی عێراقدا دروستکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتێکی سەرەکی بووە لە کرداری سیاسیدا. لەکاتی دامەزراندنی شانشینی هاشمیەوە لە عێراقدا لە ١٩٢١/٨/٨ ەوە سەرکردە سیاسیەکانی دەوڵەت ڕووبەڕووی ئەرکێکی دژوار بوونەتەوە لە بنیادنانی ناسنامەیەکی نەتەوەی یەکگرتوو لە نێوان نەتەوە جیاوازاکان و ئاینە جیاوازاکانی خەڵکی عێراقدا. لەسەرەتایی ساڵانی دامەزراندنی حکومەتی عێراقدا بە سەرپەرشتی بەریتانیەکان حکومەتی عێراقی و بەریتانیەکان کاتی قورسیان تێپەراند بۆ ڕازی کردنی دانیشتوانی عێراق بۆ شەرعیەتدان بە ناسنامەیەکی نەتەوەی عێراقی. چونکە دوو گروپی دژبەیەکتری لە پێشبرکێدابوون لە نموونەی کۆمەڵگەی سیاسی ئەو سەردەمەدا یەکێکیان باوەڕی بە ناسنامەی نەتەوەی عێراقی بووە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئەوەی تر باوەڕی بە ناسنامەی نەتەوەی عەرەبی ( Pan-Arabic ) بووە ، بەیەکدادانی بیری جیاوازی ئەم دوو گروپە کاریگەری لە سەر پێناسی ناسنامەی نەتەوەی عێراق هەبووە بۆ سەردەمانی دواتر. بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە سیاسیە و بانگەشە و پێشبرکێ زۆرە کە ئامانجیان گەیشتن بووە بە دەسەڵات بۆیە کاتێك بەریتانیەکان لە هەوڵی دامەزراندن و رێکخستنی و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێی عێراق بوون لە سەرەتایی ساڵی ١٩٢٠ دا سەیری وڵاتانی دەرەوەی عێراقیان کرد بۆ دۆزینەوەی سەرکردەیەکی سیاسی گونجاو، ئەویش مەلیك فەیسەڵی یەکەم بوو کە لە حیجازەوە هێنابوویان کە سێکی بیانی بوو بۆ عێراقیەکان. دوابەدوای فەرمانڕاوایان لە عێراقدا تا ئێستاش ئەم خێزانی پاشایەتیەی هاشمیەکان کە فەرمانڕەوایی عێراقیان کردوە لە نێوان ساڵانی ١٩٢١-١٩٥٨ڕۆڵێکی بنچینەیان هەیە لە ووتار و گفتوگۆی سیاسی عێراقیەکاندا (Bernhardsson, 2005: 4-7).

## ١: ٣ شوێنەوار و ناسنامەی نەتەوەیی لە سەرەتای دروست بوونی عێراقدا:

کاریگەری ڕووداوەکان و ئەنجامەکانی جەنگی جیهانی یەکەم لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جیاواز بوون، بەڵام کاریگەری ئەم ڕووداوانە لە میسردا جیاوازتر دەرکەوتن بە دەرکەوتنی نەتەوەپەرستی میسری فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارانی میسری باوەڕیان وابوو کە دەکرێت ڕابردووی فیرعەونەکانی میسر ببێت بە شانازی نەتەوەیان. سەرەڕایی ئەمەش لە ساڵی ١٩١٩ شۆڕشیان لە دژی دەسەڵاتی بەریتانیەکان بەرپاکردووە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٢-١٩٢٣ سەربەخۆیان وەرگرت، هەروەها یەکەم دۆزینەوەی مۆمیاکان لە ساڵی ١٩٢٢ کە گۆڕی (توت- عنخ- ئاموون)ە وە دامەزراندنی پەرلەمانی میسری لە ساڵی ١٩٢٤ دا کۆبوونەوەی هەموو ئەم هۆکارانە پاڵنەرێکی گرنگ بووە بۆ دروستکردنی هەستێکی نەتەوەی کە زۆر بەپەرۆشەوە وە بەشێوەیەکی بەهێز ئەم سەردەمەیان بە ڕابردویانەوە ببەستنەوە بەڵام هەمان وێنە لە هەمان سەردەمدا لە عێراقدا بە شێوەیەکی تەواو پێچەوانە دەبینرا بە بەراورد بە ڕوداواکانی میسر. سەرەڕایی ئەوەی کە دۆزینەوەی شوێنەواری زۆر گرنگ دۆزرابوونەوە لە ساڵانی ١٩٢٠ ەوە بەڵام دەسەڵاتدارو فەرمانڕەواکانی عێراق مێژووی پێش ئیسلامی وڵاتەکەی خۆیان لە بیرکردبوو، زیاتر سەرنجەکانیان بۆ بیری نەتەوە پەرستی عەرەبی بووە، بەبەراورد ڕۆژئاوایەکان سەرنجی زیاتریان لە سەر شوێنەوارەکانی میسۆپۆتامیایی کۆن بووە، لە دوایی ساڵانی ١٩٣٠ یەکان و ١٩٤٠ەکان و بەتایبەت ساڵانی ١٩٥٠ەکان عێراقیەکان هەوڵێکی ڕۆشنبیریان نیشاندا بۆ بایەخدان بە پەروەردەکردنی هاوڵاتیان لە بارەی مێژوو و کەلەپووری میسۆپۆتامیا. ئەم پرۆژەیە لە ژێر چاودێری پارتی بەعثی عەرەبیدا گەیشتە لوتکە لە ساڵانی ١٩٧٠ کاندا کە حکومەتی نیشتمانی عێراق دامەزرا فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداران تێبینی ئەوەیانکرد کە بەیەکەوە بەستنەوەی عێراق ئەو سەردەمە بە میسۆپۆتامیای کۆن وەرچەرخانێکی گەورە دەبێت بۆیان (Baram, ١٩٩٤: ٢٧٩-٢٨١).

## ١: ٤ شوێنەوارناسە ڕۆژئاوەیەکان لە سەرزەمینی میسۆپۆتامیا:

لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا گەشتیار و شوێنەوارناسانی بیانی کە لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا هاتوونەتە میسۆپۆتامیا گەڕاون بە دوایی لێکۆڵینەوە لە مێژوو و کلتوری ئەم سەرزەمینەی بە میسۆپۆتامیا ناسراوە کە پێشتر وەك پێویست بەدوادا گەڕان و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە. لەم سەردەمەدا گەڕیدەکان ئارەزوویان لە پەیوەندی کردن بە دانیشوانەکەوە نەبوو بە پێچەوانەوە پەیوەندیان زیاتر بە مێژوو و خاکەکەوە هەبوو بە مەبەستی گەڕانەوەیان بۆ سەرەتای دەرکەوتنی ئەم شارستانیەتە هەروەك دەستیان کردووە بە کاری هەڵکۆڵین بۆ دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی ئەم شارستانیەتە. بۆیە لەگەڵ دەست پێکی کاری کنەوپشکنینی شوێنەواریەکان تاکو سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی یەکەمیش زۆربەی ئەو شوێنانەی هەڵکۆڵینیان تێداکراوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە کتێبی پیرۆزی ئینجیلەوە هەبووە، مەبەست لە بەکارهێنانی بەڵگەی ئاینەیەکەیان ئەورووپیەکان وا هەستیان کردووە کە خۆیان خاوەنی ئەم مێژووەن(Makdisi, 1997: 713). لەم سەردەمەدا دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زۆر فراوان بوو زەوی و ناوچەی جیاواز و نەتەوەی جیاوازیان لە ژێردەستدا بوو پێویستیان بە ڕێکخستنی جوگرافیایی سیاسی بووە، بۆیە کەوتۆتە قۆناغێکی گواستنەوە بۆ شێوازی فەرمان ڕەوایی ویلایەتەکان و بەڕێوەبردنی هەرێمە

دورەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کە میسۆپۆتامیا یەکێك بووە لە ویلایەتەکان، پەیوەندیان بە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بووە زیاتر ئەم ناوچەو هەرێمانە لەلایەن هۆزە باڵادەستەکانەوە بە ڕێوەدەبرا. لەبەر بەڕێوە بردنی نامەرکەزیانەی میسۆپۆتامیا دەسەڵاتی ڕێگەپێدان لە ژێردەستی دەسەڵاتی بەڕێوبەری هەرێمەکاندا بووە کە ئەمەش هاندەرێك بووە بۆ شوێنەوارناسە بیانیەکان تا زیاتر بە دوایی شوێنەوار و مێژووی میسۆپۆتامیادا بگەڕێن. پێدانی بەخشیش لەلایەن بیانیەکان بە دەسەڵاتە خۆجێیەکان یەکێك بووە لەو ڕێگایانەی بیانیەکان بەکاریان هێناوە و توانیویانە بە ئاسانی پارچە شوێنەواریەکان بنێرنە دەرەوە. هەرچەندە یەکەم یاسایی پاراستنی شوێنەوارەکان لە سەردەمی ئیمپرایۆریەتی عوسمانی لە ساڵی ١٨٧٤ دەرچووە هەموو هەڵکۆڵینە شوێنەواریەکان لە ژێر سەرپەرشتی وەزارەتی پەروەردەدا بوون وە تێدا باس لە شێوازی دابەشکردنی پارچە دۆزراوەکان کراوە کە یەك لە سەر سێی پارچەکان بۆ تیمی هەڵکۆڵینەکە بێت و یەك لەسەر سێی بۆ مۆزەخانەی ئیمپراتۆری لە ئەستەنبووڵ و یەك لەسەر سێکەی تریش بۆ ووڵاتی خاوەن شوێنەوارەکە بێت. لە ساڵانی ١٨٧٥-١٨٨٤ خوێندنگەی تایبەت بە پاراستنی شوێنەوار و بەڕێوەبردنی مۆزەخانە لە ئمپراتۆریەتی عوسمانیدا دامەزرێنراون ئەمە بوو بە هۆیی دروستکردنی گۆڕانکاریەکی گەورە کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کرد بە تاکە خاوەنی شوێنەوارەکانی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی تاکو لە ساڵی ١٩٠٩ دا یاسایی قەدەغە کردنی ناردنە دەرەوە و گواستنەوەی شوێنەوارەکان دەرکرا تەنانەت بۆ ئەو گروپ و تیمانەی مۆڵەتیشیان هەبووە. بواری شوێنەوارناسی لە میسۆپۆتامیا لەگەڵ هاتنی توێژەری بەریتانی James Rich ( ١٧٨٧-١٨٢١ ) دەستی پێکردوە. ریچ لە ساڵی ١٨٠٨ ەوە لە بەغداد نیشتەجی بووە وەك سەرپەرشتیاری کۆمپانیایی British East India companyیەکەم سەردانی بۆ پاشماوەی شوێنەواری بابل لە ساڵی ١٨١١ بووە دووەم سەردانی لە ساڵی ١٨١٥ بووە ئەم لێکۆڵینەوانەی کردوە بە کتێب هەرچەندە پشتی بە ئەنجامی زانستی هەڵکۆڵینی شوێنەواری خوێندنەوەی دەقە مێخیەکان نەبەستوە تەنها توانیویەتی لە بارەی ناوچەکە و بیناسازی ڕونکردنەوە بکات ( Rich, 1818: 1-10).

دوابەدوای بڵاو بوونەوەی بەرهەمەکانی ریچ لە بارەی مێژوو شوێنەوارەکانی میسۆپۆتامیا فەرەنسیەکانیش هەوڵیاندا بۆ گەیشتن بە سەرزەمینی میسۆپۆتامیا تاکو ببن بە هاوبەش و لە لێکۆڵینەوەکاندا و نەهێڵن بەریتانیەکان ببن بە تاکە خاوەنی تۆمارکردنی ئەم مێژووە لە ساڵی ١٨٤٠ دا کونسڵخانەی فەرەنسی لە موسڵ کرایەوە و Paul Emile Botta وەك کونسوڵی فەرەنسی دانراوە، لە ساڵی ١٨٤٢ لە نەینەوا هەڵکۆڵینی کردوە وە لە ساڵی ١٨٤٣ لە خورساباد هەڵکۆڵینی شوێنەواری کردووە لە ساڵی ١٨٤٦ شوێنەوارە دۆزراوەکانی هەڵکۆڵینەکانی Botta گوازراونەتەوە بۆ فەرەنسا. لە دواتردا شوێنەوارناسی بەناوبانگی بەریتانی Layard لە ڕێگەی کونسوڵی بەریتانی لە ئەستەنبووڵ توانی لە ساڵی ١٨٤٥ لە نەمرود هەڵکۆڵین بکات کە پاشماوەی کۆشکی ئاشورناسرپاڵ ٨٨٣-٨٥٩ پ.ز وە کۆشکی پاشا شەلمنسر سێیەم ٨٥٨-٥٢٤ پ.ز لە هەڵکۆڵینەکانیدا ژمارەیەکی زۆر پارچەی شوێنەواری دۆزراونەتەوە، لەدوای پێشنیارکردنی گواستنەوەی پارچە شوێنەواریەکان بۆ بەریتانیا Layard توانی پاڵپشتی دارای زیاتر بەدەست بهێنێت بۆ درێژەدان بە کاری کنەوپشکنینی شوێنەوار لە سەر زەمینی میسپۆتامیا هەروەها هەندێك لە نموونەی شوێنەواریە دۆزراوەکانی بۆ Henry Creswicke Rawlinson (١٨١٠-١٨٩٥) کە توانای زمانەوانی باشی هەبووە لە بواری زمانە کۆنەکاندا بۆ خوێندنەوەی دەقە کۆنەکان ئەفسەری کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی بووە کە کۆمپانیایەکی سەربازی بەریتانی بووە لە عێراق. لە دووەم هەڵمەتی کنەوپشکنینی شوێنەواریەکانیدا Layard کاری هەڵکۆڵینی لە نەینەوا دەست پێکرد لەوێ پاشماوەی شوێنەواری کۆشکی پاشای سەنحارب ٧٠٤-٦٨١ پ.ز دۆزیەوە کە بە گەورەترین کۆشکی پاشای ئاشوری دادەنرێت، دۆزینەوەی کتێبخانەی ئاشورناسرپاڵ بەشێکی گرنگی هەڵکۆڵینە شوێنەواریەکە بووە، بوو بەهۆی دەوڵەمەند کردنی بەڵگەنامە نوسراوکانی ئاشوریەکان هەموو ئەم بەڵگەنامانە بە کەشتی گوزراونەتەوە بۆ مۆزەخانەی بەریتانیا. دواتر دووەم هەڵکۆڵین لە خۆراساباد لە ساڵی ١٨٥٣ لە لایەن Victor Place ئەنجامدراوە کە دووەم کونسوڵی فەرەنسی بووە لە موسڵ. بە درێژایی ئەو سەردەمە بەریتانی و فەرەنسیەکان کنەوپشکینی شوێنەواریان ئەنجامداوە تا لەکۆتایی سەدەیی نۆزدەدا ئەڵمانی و ئەمریکیەکانیش پاڵپشتی دارایی شوێنەوارناسانیان کردووە بۆ ئەنجامدانی هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە میسۆپۆتامیا (Bernhardsson, 2005: 35-50). یەکەم هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە لایەن ئەمریکیەکان لە نەیپور

ئەنجامدراوە بە سەرپەرشتی John Punnett Peters کەماوەی دوانزە ساڵ هەڵکۆڵینی تێداکراوە بە سەرپەرشتی کەسانی جیاواز لە ماوەی ئەم دوانزە ساڵەدا بە پاڵپشتی دارایی زانکۆیی پەنسلڤانیا و دامەزراوەی شوێنەواری Babylonian Exploration fund هەڵکۆڵینەکان ئەنجامدراون ( Kuklick, 2018: 1-7).

ئەڵمانیەکان لە کاتێکی درەنگتر هاتوون بۆ میسۆپۆتامیا لە نێوان ساڵانی ١٨٧٦-١٩٠٩ لە سەردەمی سوڵتان عبدالحمیدی دووەم هاتوون لە ڕێگایی پەیوەندی سیاسی و سەربازیانەوە لە سەر داوایی عوسمانیەکان بۆ چاکسازی لە حکومرانی و ڕاهێنانی سەربازی بووە دواتر یەکەم کاری کنەوپشکنینی شوێنەواریان لە ساڵی ١٨٩٨ دا لە ئوروك دەست پێکردوە (Bernhardsson, 2005: 35-50). سەرەتایی کاری هەڵکۆڵین لە عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەیی نۆزدەهەم بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لە عێراقدا ژمارەیەکی کەم لە پەیکەر و بینا شوێنەواریەکان مابوونەوە بە هۆی سروشتی ژینگە و ئەو کەرەستەیی لە دروستکردنیدا بەکارهاتوون بەتایبەت ناوچەکانی باشوور بەهۆیی کاریگەری هۆکارە جیاوازەکانی ژینگە و سیاسەتی پاراستنی شوێنەوارەکان، لە دەوڵەمەنترین شارستانیەتی جیهانیەوە گۆڕاوە بۆ ئەو بیابانەی کە ئێستا دەبینرێت (Oates, 1968: 1-5 ).

## تەوەری دووەم:

## ٢: ١ دەست پێکی کاری کنەوپشکنینی شوێنەواری لە عێراقدا:

لەگەڵ هەبوونی پەیوەندیەکی بەهێز بە مێژووی ئینجیل و نەبوونی دەسەڵاتێك بۆپاراستنی شوێنەوارەکان. بۆیە ئەم ناوچەیەی ئێستا بە عێراق ناسراوە بوو بە شوێنێکی سەرنج ڕاکێش بۆ شوێنەوارناسە بیانیەکان وە دەرفەتی بێئەندازەی لە بواری زانستی شوێنەواری پێشکەش بە شوێنەوارناسان کردووە. هەرچەندە لە پێش چالاکی دیبلۆماسی و ئابووری و بازرگانیەکان بۆ مسیۆپۆتامیا، مێژوو و ئەفسانە و جوگرافیایی مسیۆپۆتامیا بە شێوەیەکی ئاشکرا پیشاندراوە لە ڕێگایی بیروڕایی ئاینی و سەرنجە کەلتوریەکانی ڕۆژئاوایەکان ئەمیش لە ڕێگایی مێژووی هیرۆدۆتس ، هەروەها دەقەکانی ئینجیل کە لە پێشتردا گرنگی شارستانیەتی میسۆپۆتامیایان پیشانداوە (Bernhardsson, ٢٠٠٥: ١٩).

لە سەدەی بیستەم و دواتریش شوێنەوار و لێکۆڵینەوەی بواری شوێنەواریەکان بەشێوەیەکی سەرەکی ئەرك و کارەکانیان ڕابەری دەکران لەلایەن کۆمپانیایی ڕۆژئاوایەوە کە هەردوو شێوازی لێکۆڵینەوەی شوێنەواری و کلتوری کۆمەڵگە و پەیوەندی خەڵك بە کلتور و دابوونەریتەوە گرتۆتەوە، کە ئامانجی سەرەکیان چوونە ناو سیاسەتی وولاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە کە لەوانەیە دوائامانجیان شوێنەوار بوبێت وەك سەرچاوەی دووەمی زانیاری. هاوتەریب بە دەستکردن بە هەڵمەتەکانی داگیرکاری ولاتان لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەکانەوە لەو سەردەمەدا هەڵمەتێکی پێشبرکێکردنی کۆکردنەوەی شوێنەواری لە لایەن مۆزەخانە نیشتمانیەکانی ئەوروپاوە دەستی پێکرد، ئەم دامەزراوانە ئارەزووی کۆکردنەوەی پارچەی شوێنەواری بەنرخیان هەبووە. دیاری کردن و لێکدانەوەی شوێنەواری و مێژووی کۆنی شوێن و ناوچەکان گرنگی هەبووە بۆ لێکدانەوەی مێژووی ڕۆژئاوایەکان کە لە هەوڵدابوون بۆ لێکدانەوەی پەیوەندیان بەم مێژووە کۆنە و گەڕانەوە و بەستنەوەی بە مێژووی وڵاتانی خۆیان. ڕۆژئاوایەکان مێژوو میسۆپۆتامیایان بە شیاو داناوە بۆیە بە نزیکی تەواوی پارچە شوێنەواریە دۆزراوەکانی ماوەی نزیکی سەد ساڵی کارکردنیان لە ١٨١٠-١٩١٠ گواستۆتەوە بۆ مۆزەخانەکانی ئەوروپا و باکوری ئەمریکا. زۆربەی ئەو شوێنانەی کە هەڵکۆڵینی شوێنەواریان تێدا کراوە لەو سەردەمەدا لەلایەن ئەوروپی و ئەمریکیەکانەوە شوێنەوارەکانی پێش سەردەمی ئیسلام بوون بۆ نموونە : بابل، نەینەوا. خورساباد، نەیپوور هۆکاری سەرەکییان پەیوەندی ئەم شوێنانە بووە بە کتێبی پیرۆزی ئینجیلەوە واتا هەڵکۆڵینی شوێنەواریان بە تایبەت لەم شوێنانەدا کردووە کە لە ئینجیلدا ناویان هاتووە. لەو سەردەمەدا شوێنەوار و مێژووی سەردەمەکانی سۆمەری و ئاشوری و بابلی بە ورردی توێژینەوەیان لە بارەوە کراوە بە پێچەوانەوە شوێنەوارەکانی سەردەمی ئیسلام بەدەرکراون لە لێکۆڵینەوە. قۆناغی دووەمی شوێنەوارەکانی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ کەوە دەستی پێکردوە تاکو دەست پێکی جەنگی جیهانی دووەم کۆتایی پێهاتووە. کە دەستپێکی هەوڵی بە نیشتمانی کردنی پارچە شوێنەواریەکان بووە بەم شێوەیە ناردنە دەرەوە و گواستنەوەیان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش کەم بۆتەوە و بوون بە

بەشێك لە بەرنامەی حکومەت بەتایبەت لە نووسین و پێشکەشکردنی ووتارەکانیاندا (Bernhardsson, 2005: 10-26).

سەرەتایی دەستپێکی کاری کنەوپشکنینی شوێنەواری بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە میسۆپۆتامیادا بەگشتی پاڵپشتی دارایی و ئەکادیمی دەکرا بەشێوەیەکی کێبڕکێ لەلایەن مۆزەخانە نیشتمانیەکانی ئەوروپاوە، کە بەشێوەیەکی تایبەت سەرنجیان لەسەر شوێنەوارەکانی ئەم ناوچەیە بووە. چونکە کارکردن لە بواری شوێنەواریدا بووە هۆیی بڵاوبووەنەوەی زانیاری لە بارەی تیۆر و مەعریفەی مرۆڤ بە شێوەیەکی خێرا. هەروەك توێژینەوەکان دووپاتکرنەوەی ئەو بابەتانەن کە کلتوور و زانیاری مرۆڤی کۆنی لەسەردامەزراوەو و بەسەرچاوەی بنەڕەتی زانیاری شوێنەواری دادەنرێن. سەرەتاکانی کاری کنەوپشکنینی شوێنەواری لە عێراقدا بەشێوەیەکی ڕێك و پێك لە نێوان ساڵانی ١٩٠٩-١٩٢٦ بووە کە لەو سەردەمەدا دیبلۆماتێکی بەریتانی بەناوی (Gertrude Bell) لە بەغداد نیشتەجێ بووە کاریگەری زۆری لە بواری شوێنەواریەوە دروستکردوە بەتایبەت کە یەکەم بەڕێوەبەری شوێنەوار و کەلەپور بووە لە سەردەمی مەلیك فەیسەڵی یەکەم و یەکەم کەس بووە کە یاسایی شوێنەواری عێراقی نوسیبێتەوە و دامەزرێنەری مۆزەخانەی نیشتمانی عێراق بووە. یەکەم کاری کنەوپشکنینی شوێنەواری بە شێوەی زانستی لە عێراقدا لەلایەن تیمێکی شوێنەواری بەریتانیەوە ئەنجامدراوە لە ساڵی ١٨٣٥-١٨٣٧ دا لەوکاتەوە تیمە بیانیەکان بە شێوەی پچر پچر هاتوون و کاری کنەوپشکنینی شوێنەواریان ئەنجامداوە لە ناوچەکانی باکور لە نەینەوا، خورساباد، نەمروود، ئاشوور وە ناوچەکانی باشور لە بابل، ئوروك، ئور، ئەریدۆ. دوابەدوایی ئەوان تیمی فەرەنسیەکان هاتوون. هەڵکۆڵینی شوێنەواری نەمرود و نەینەوا لە ناوارِستی سەدەی نۆزدەدا لە نێوان ساڵانی ١٨٩٨-١٩١٧دا بووە. هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە بابل لە لایەن تیمێکی ئەڵمانیەوە لە نێوان ساڵانی ١٩٠٣ -١٩١٤ دا بووە بە سەرپەرشتی Robert Koldewey وە لە نێوان ساڵانی ١٩١٧ بۆ ١٩٢٢ شوێنەوارناسانی بەریتانی هەڵکۆڵینیان لە هەردوو شاری شوێنەواری ئور و ئەریدۆ دا کردوە (Baram, 1994: 279-281).

## ٢:٢ شوێنەوار لە سەردەمی داگیرکاری بەریتانیا نێوان ساڵانی ١٩١٧-١٩٢١:

سەرەڕای کاریگەریەکانی جەنگ لەسەر ناوچەکە سەرکردە سەربازیەکانی بەریتانیا لە مسیۆپۆتامیا سەرنجی زۆریان لەسەر پاشماوە شوێنەواریەکانی میسۆپۆتامیا بووە. بەتایبەت لە ساڵەکانی کۆتایی جەنگدا کە ڕوون بوو بەریتانیەکان براوەی جەنگ دەبن لەم هەرێمەدا. بابەتەکانی پاراستنی پاشماوە شوێنەوارەکان و هەڵکۆڵین و گواستنەوەی شوێنەوارەکان بوون بە بابەتی گرنگ ئەو سەردەمە. سەرکردە سەربازی و سیاسیەکانی بەریتانیا هەوڵیانداوە بۆ گونجاندنی ڕێگایەك بۆ گەیشتن بە شوێنەوارەکانی میسۆپۆتامیا، دەرئەنجامی ئەم هەوڵ و گفتوگۆیانە لەسەر بابەتەکانی شوێنەوار کاریگەریان لە سەر دارِشتنی یاساکانی شوێنەوار هەبووە هەر بۆیەش چەند ساڵێك دوایی دامەزراندنی حکومەتی عێراق یاساکان نوسران. ئەگەر بە ووردی سەرنج لەم بابەتە بدرێت دەردەکەوێت کە تەنها سیاسیەکان بەشدارنەبوون لە گواستنەوە و بە تاڵان بردنی شوێنەوارەکان بەڵکو فەرمانگەی بەڕێوەبردنەکانی بەریتانیەکان لە هەرێمەکەدا بەشداری کارایان هەبووە بۆ نموونە فەرمانگەکانی (India Office, Colonial Office, Foreign Office ). سەرەتایترین هۆکاری بەریتانیەکان بۆ بەتاڵان بردنی شوێنەوارەکانی مسیۆپۆتامیا پرسیاری ئەوە بووە کە چی لەو پارچە شوێنەواریە دۆزراوەنە بکەن کە لە هەڵکۆڵینەکانی ئەڵمانیەکاندا دۆزراوەنەتەوە و لە کاتی داگیرکردنی هەرێمەکە لە لایەن بەریتانیاوە لە ئەڵمانییەکان بەجێماون، بیروڕای جیاواز هەبوو هەندێك پێیان وابووە کە پێویستە ئەم پارچە شوێنەوارییانە وەك دەستکەوتی جەنگ ببرێن، مەبەستی بەریتانیەکان پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بووە بەتایبەت لە هەمان ئەو ڕەخنانەی لە ئەڵمانیەکان گیرابوو لە کاتی جەنگدا سەبارەت بە بەتاڵان بردنی پارچە شوێنەوارەکانی. بۆ ئەم مەبەستە بەریتانیەکان بە شێوەیەکی زانستی خۆیان لەم ڕەخنانە بە دوور گرتووە بەتایبەتی لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا گفتوگۆیان کردوە لەسەر ڕۆڵی مۆزەخانە و دامەزراوە شوێنەواری و کەلەپوریەکانی وەك (British Museum,Victoria Museum, Albert Museum) کە هانی حکومەتی خاوەن هێزی داگیرکاریان دەدا لە میسۆپۆتامیا بۆ پاڵپشتی کردنی گەڕاندنەوەی پارچە شوێنەوارەکان بۆ دامەزراوەی کلتوری و نەتەوەی بەریتانی بە ناوی (British national collections)، وە هەروەها گفیوگۆیان کردوە لە سەر ماوەی کات و برو چەندیەتی ئەو

پارچە شوێنەوارانەی ئەو مۆزەخانانە دەیانەوێت کۆیی بکەنەوە، یەکێکی تر لە بابەتەکانی گفتۆکانیان بەهای مادی و مێژووی پارچە شوێنەوارییەکان بووە هەرچەندە هەرگیز بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ڕوون نەکراوەتەوە، پرسیار لە بارەی بەهای ئەم پارچە شوێنەوارییانە ئەوەیە کە ئایا ئەم شوێنەوارە بە بەهایانە براون وەك بەخشیش، دەستکەوتی جەنگ یان دەکرێت وەك کەل و پەل لە بازاردا مامەڵەیان پێوەکرابێت، بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنی کلتوری و سیاسی و زانستی کە دواهەمینیان لایەنی هەستی نەتەوەی بووە چونکە دانیشتوانی ڕەسەن و خاوەنی ئەم شوێنەوارانە دەسەڵاتی سیاسیان نەبووە لەو سەردەمەدا لە ژێر دەسەڵاتی وڵاتە زلهێزاکانی براوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا بوون (Bernhardsson, 2005: 71-73). کاتێك بەریتانیەکان ناوچەکان مسیۆپۆتامیایان داگیر کرد لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بە پلەی یەکەم سەرنجیان لە سەر شوێنەوارەکانی هەرێمەکە بووە وەك دەستکەوتێکی گرنگی جەنگیان، دەسەڵاتدارانی سەربازی نامەیەکی هاندەریان لە چاودێرانی مۆزەخانەی نیشتمانی بەریتانیا پێگەیشتووە کە ئەو بیروباوەڕە دەردەخات کە شوێنەوارەکان وەك کۆکردنەوەی خەڵات و یادگارین وە ئەوەش ڕووندەکەنەوە کە مۆزەخانەی بەریتانیا وەك مۆزەخانەیەکی سەرەکی شوێنەواری و زانستی لە پایتەختی ئیمپراتۆریەتەکەیە، سەرنجی سیاسیەکان ئەوە دەردەخات کە داوایان کردووە مۆزەخانەی بەریتانیا پێویستە نمایشی ئەو شوێنەوارانە بکات کە بوون بەخاوەنیان. لەم ڕوانگەیەوە بێت لەو سەردەمەدا پارچە شوێنەوارییەکان تەنها بۆ ڕازاندنەوەی مۆزەخانەی نیشتمانی بەریتانی بوون بە گەنجینەیەکی مێژووی گرنگ. کۆکردنەوەی پارچە شوێنەوارییەکان یەکێك بووە لە بابەتە گرنگەکان کە مۆزەخانەی بەریتانی و مۆزەخانەکانی ڕۆژئاوایی ئەوروپا پێوەی سەرقاڵ بوون بە چەندین ڕێگای جیاواز ئەنجامیان دەدا لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا کاتێك کە دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی بەریتانی دەرفەتی کۆکردنەوەی پارچە شوێنەوارییەکانی میسۆپۆتامیایانداوە کەواتا ئەمە بووە بە کردارێکی ڕێکخراو لە ژێرچاودێری دەسەڵاتی سەربازیدا. چەندین حاڵەتی سەرنجراکێش هەن سەبارەت بە ژمارەیەکی زۆری پارچەی شوێنەواری کە دەسەڵاتی سەربازی ڕووبەڕووی بوونەتەوە، کاردانەوەکانیا ڕوانینی ئەوانی ڕوونکردۆتە لە بارەی شوێنەوارەکان کە دەسەڵاتی شەرعی خاوەندارییەتی شوێنەوارەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ حکومەتی بەریتانیا. بۆیە تائێستاش پرسیارکردن لە بارەی شوێنەوارەکانی مسۆپۆتامیا تەنها پرسیارێکی سادە نیە، بەریتانیەکان هەر لە سەرەتاوە پێشبینی ئەوەیانکردبوو کە ئەم هەرێمە بەڕێوەبەرن و بیخەنە ژێردەسەڵاتی خۆیان بۆیە داگیرکاریەکەی خۆیان وەها وێناکردبوو کە مەبەستیان ڕزگارکردنی خەڵکەکەیە لە ژێر دەسەڵاتێکی بیانی کە دەسەڵاتی تورکە عوسمانیەکان بوو لە ئەنجامدا بەریتانیا دەسەڵاتیان بەسەر مسۆپۆتامیادا سەپاند. دەسەڵاتدارانی سەربازی بەریتانیا لەو سەردەمەدا چاویان لەسەر شوێنەوارەکانی مسیۆپۆتامیا بوو زۆربەی ئەم سەرنجانە لەلایەن کەسی و دامەزراوەیی بوون بەلایەنی کەم ئاستێکی ڕاستاندنیا هەبوو کە بیسەلمێنن ئەم شوێنەوارانە پێویستیان بە پاراستنە. هەرچەندە سەرەتا بەریتانیەکان توانایی وەرگرتنی خۆیی پشکنیوە بۆ وەرگرتنی زۆرترین ژمارەی پارچەی شوێنەوارییەکانی مسیۆپۆتامیا بەتایبەت ئەو پارچانەی لە هەڵکۆڵینەکانی ئەڵمانیەکان لەکاتی جەنگدا بە جێمابوون. یەکێك لە کەیسە سەرنج ڕاکێشەکان لە ساڵی ١٩١٧دا Cecil Harcourt Smith شوێنەوارناسی بەریتانی و بەڕێوەبەری مۆزەخانەی London Victoria and Albert Museum (VAM) بووە لە نامەیەکیدا بۆ نوسینگەی شەڕ (WO) War Office ئاماژە بەوە دەکات هێزە هێرش بەرەکانیان ژمارەیەکی زۆری پارچەی شوێنەواریان کەوتۆتە دەست لە هەڵکۆڵینەکانی ئەڵمانیەکان لە سامەڕا بەجێماوە، وە پێچراونەتەوە بۆ ناردنیان بۆ بەرلین. Smith لە نامەکەیدا داوایی لە بەڕێوەبەری نوسینگەی شەڕ Sir Brade کردووە کە لە حاڵەتی ئاوادا بانگەوازی دامەزراوەکەی ئەوان بناسنەوە هەروەها Smith هەوڵیداوە پاڵ بە هەستی نەتەوایەتی و پێشبڕکێ بەرامبەر ئەڵمانیەکان بنێت، بۆیە ئاماژە بەوە دەکات ئەو باوەڕی بەوەیە لە حاڵەتێکی وەهادا ئەڵمانیەکان بەشێوەیەکی ئاسایی گرینگیدان بە مۆزەخانەی نیشتمانیان بە شێوەیەکی گونجا و نوێنەرایەتی دەکرێت لە هەر هێرشێکی سەربازی کە دەنێرن بۆ دەرەوە، بەم شێوەیە گەنجینەی هونەری زیاتریان هێناوەتەوە. Smith بەردەوام دەبێت لە دروستکردنی پاڵەپەستۆ لەسەر نوسینگەکانی حکومەت لە کۆتاییدا ئاماژە بەوە دەکات کاتێك کە گەنجینەیەکی هونەری و شوێنەواری دەدۆزرێتەوە بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیان پێویستە بینێرنەوە بۆ وڵاتەکەیان کە مەبەستی بەریتانیایە. نوسینگەی India Office (IO) وا دادەنرێت کە بەرپرسیاری یەکەم بووە لە بەتاڵان بردنی شوێنەوارکانی مسیۆپۆتامیا وە پەیوەندیان لەگەڵ Percy Cox کە بەڕێوەبەری نوسینگەی سیاسی

بووە لە پەیوەنیەکی Percy Cox بە نوسینگەی IO ئاماژە بەوەدەکات کە ٩٣ کەیس (Mesopotamian Expeditionary Force ( MEF لە پارچە شوێنەوارە دۆزراوەکانی سامەڕا لە نوسینگەکەی ئەودا هەڵگیراون هەندێکیان لێکۆڵینەویان لێکراوە لە لایەن خاتوو Bell لەوە کە دەرکەوتووە پارچەی شوێنەواری بە نرخی گڵێنە و شوشەی سەردەمی ئیسلامن، Percy Cox ڕێکی خستبوو کە ئەم پارچە شوێنەواریانە بنێرێت بۆ مۆزەخانەی Victoria and Albert Museum هەمیشە بانگەوازەکەی ئەوانی لە بیربووە کە بۆ کۆکردنەوەی پارچە شوێنەواریەکان کردویانە. کۆمپانیایی Wilson's cable لەو سەردەمە سەرسام بوون بە تێبینیەکانی John Evelyn Shuckburgh بەڕێوەبەری نوسینگەی IO کە لە پەیوەندی نێوان کۆمپانیایەك و نوسینگەیەکی حکومیدا خستویەتی ڕوو بەشێوەیەکی ڕوون ئەوە نیشان دەدات کە IO لە بنچینەدا نازارایە بە ڕێگەدان بە ناردنەدەرەوەی پارچە شوێنەواریەکانی میسۆپۆتامیا بە شێوەیەکی گشتی(Bernhardsson, 2005: 73-85). تێبینی ئەوە کراوەکە هەر بابەتێکی شوێنەواری کە بەلایی ئەوانەوە گرنگ بووە پێویستە بنێرێتە دەرەوەی وولاتەکە ئەمەش بۆ گواستنەوەی پارچە شوێنەواریەکان بووە لە شوێنی ڕەسەنی خۆیان کە بووە هۆی بەرزکردنەوەی کۆمەڵێك پرسیاری سیاسی لە نێوان ١٩٢٠-١٩٣٠ دا حکومەتی عێراق لە سەرەتایی ساڵەکانی دامەزراندنی دابووە، بۆ بواری شوێنەواری و کەلەپوریەکانی نەیتوانیوە یان نەی ویستووە یان بەهەرشێوەیەك بێت خۆیی توشی تێچوویەکی زۆربکات بۆیە بەڕێوەبەری سەرەکی شوێنەوار لەو سەردەمەدا خۆبەخشێکی بیانی (بەریتانی) بووە، وە مۆزەخانەش لە تەنها ژوورێك پێکهاتبوو کە بابەتە شوێنەواریەکان لە سەر مێزێکی کراوە دانرابوون، تەنانەت کاتێك کە بینایی تایبەتی مۆزەخانە دروستکراوە کارمەندیان بۆ دانەمەزرێنراوە. بەمشێوەی گوێنەدان بە کلتوور و شوێنەوارەکان لەلایەن عێراقیەکان سوودی بە بەرژەوەندیەکانی بەریتانیەکان گەیاندووە، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت کە نوسینی یاسایەکی نوێ بۆ پاراستنی شوێنەواری کارێکی پێویست نەبوو کە لەوسەردەمە بۆ یەکەم جار لە عێراقدا یاسایی پاراستنی شوێنەواری نوسراوە، چونکە دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو یاسایانە بوون کە هەبوون ئەمە لە کاتێکدا گێرتروود بیڵ لە نامەکانی ئاماژە بەوە دەکات کە (کاربەدەستانی حکومەتی عێراق متمانەی تەواویان پێمە وەك بەڕێوەبەری سەرەکی شوێنەوار وە پرسیاری هێچ شتێك ناکەن کە من بیکەم) (Bell, 1927: 765). بۆچوون و ڕوونکردنەوەکانیWoolley لە بارەی پشت گوێخستنی شوێنەوارەکان لە لایەن عێراقیەکانەوە پشتگیرینە کرا بۆیە لەلایەن ساطع الحصري و پەرلەمانەوە وەڵام دراوەتەوە بەم شێوەیەی کە ئەمە مانایی ئەوە نیە کە کەمینەی هەڵبژێردراوی خاوەن دەسەڵاتی عێراقیەکان بایەخ بە شوێنەوارەکانی مسۆپۆتامیا یان کنەوپشکنینەکانی شوێنەوار نادەن بەڵگەشیان بۆ ئەمە وتەکانی مەلیك فەیسەڵ بووە لە ئاهەنگی تاج لەسەرنانی پاشایدا لە مانگی هەشتی ١٩٢١دا کە پشتگیری لە هەموو بابەتەکانی عێراقە نوێکەی دەکات (Baram, A. 1994. P. 279-281). ئەمە لە کاتێکدایە کە گیرترودبێل ئاماژە بەوە دەکات کە لە یەکێك لە بۆنەکاندا مەلیك لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی وەزیر و سەرۆك هۆزەکان لە بەغداوە سەردانی چاڵی هەڵکۆڵینیان کردوە لە شوێنەواری ئور وە لەکاتی قسەکردنەکانیدا زۆر خۆیپاراستووە لە هەر ئاماژە و هێمایەك کە دانیشتوانی کۆنی دۆڵی دووڕووبار و عێراقی نوێ بەیەکەوە ببەستێتەوا. بە شێوەیەکی گشتی تێبینی ئەوە کراوە حەز و ئارەزوویان بۆ شوێنەواری کۆنی میسۆپۆتامیا زۆر کەم بووە(Bell, 1927: 760).

## ٣: ٢ شوێنەوار و ناسنامەی نەتەوەی لە سەردەمی مەلیك فەیسەڵی یەکەمدا ( ١٩٢١-١٩٣٣):

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا ڕویدا دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ناوچەکەی بەڕێوە دەبرد. عێراق سنورێکی جوگرافی جیاکەرەوەی هەبووە و ناوچەیەکی دابراو بووە و خاوەنی کلتور و مێژووی خۆیی بووە کە جیایی کردۆتەوە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵای عوسمانیەکان، کە یارمەتی دەربووە بۆ بنیادنانی حکومەتێکی سەربەخۆ لە لایەن بەریتانیەکان لە ساڵی ١٩٢٠ دا. بە بەراورد بە وڵاتانی دراوسێی وەك ئێران و تورکیا تاکی کۆمەڵگەی عێراقی شارەزایی گەشەکردن و پێشکەوتنی ئابوور و کۆمەڵایەتی و سیاسیان نەبوو هەرئەم هۆکارەش وایکردووە چەندین دەرفەتی سەربەخۆیی لە دەست بدەن تاکو ساڵی ١٩٥٨(Bat-atu, 1978: 5-13). دامەزراندنی حکومەتی عێراق یەکێکە لەو نمونانەی هەڵگری زۆرترین گفتوگۆیە چونکە لە لایەن هێزی داگیرکەرەوە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دامەزرێنراوە بەبێ گەڕانەوە بۆ ماف و بیروبۆچوونی خەڵکە ڕەسەنەکەی، لەدوایی جەنگی جیهانی یەکەم و بێهێزی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەرسێ هەرێمەکەی بەغداد و بەسرە و موسڵ کەوتوونەتە دەستی بەریتانیەکان و بە یەکخستی ئەم سێ هەرێمە بەریتانیەکان عێراقیان پێکهێناوە کە لە ژێر فەرمانڕەوایی خۆیان بەڕێوەیان بردووە و مەلیك فەیسەڵی یەکەمیان هێناوەتە سەر تەختی پاشایی عێراق لە ٢٣ / ١٩٢١/٨ دا. لە ساڵی ١٩٢٤ ڕێکەوتنێك کراوە لە نێوان ئەنجومەنی حکومەتی ئەوکاتەی عێراق و بەریتانیەکان کە ڕێگەی بە مانەوەی بنکە سەربازیەکانی بەریتانیا داوە لە عێراقدا و مافی ڤیتۆشی داوە بە بەریتانیەکان بۆ ڕەتکردنەوەی هەریاسایەکی ئەنجومەنی حکومەت ئەگەر بێت و دژی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیەکان بێت، وە لە ساڵی ١٩٣٠ دا هاوپەیمانیەکی ٢٥ ساڵی لە نێوان عێراق و بەریتانیادا کراوە، لە ساڵی ١٩٣٢ عێراق بەرەو پێکهێنانی یەکیەتی نەتەوەی دەچێت بەڵام لە دوایی مردنی مەلیك فەیسەڵ لە ساڵی ١٩٣٣ دا بارودۆخێکی ئاڵۆزی سیاسی دروست دەبێت، تەختی پاشایی بۆ کوڕەکەی مەلیك (غازی یەکەم ) بەجێ دەمێنێت ساڵانی ١٩٣٠ یەکان بۆ عێراق دەیەکی شڵەژاو بوو بە هۆیی چەندین ڕاپەڕینی نەژادی و هێزی جیاواز بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات. بەم شێوەیە عێراق بۆتە جێگایی ململانێیەکی سیاسی سەخت و بارودۆخێکی سیاسی گونجاو بۆ دەسەڵاتی بیانیەکان لەم ماوەیەدا تەواوی هەوڵەکانی بەریتانیەکان بۆ مانەوەی دەسەڵاتیان بووە لە بەرژەوەندی خۆیاندا، کە دیارە لەم جۆرە بارودۆخانەدا وە لەم سەردەمەدا یارمەتیدەری باشی هێزە بیانیەکان بووە بۆچەسپاندنی دەسەڵات و قۆرخکردنی بوارەکانی تری وولات کە لێکۆڵینەوە و هەڵکۆڵینی شوێنەواریەکان بەشێك بوون لە کارەکانیان، بەم شێوەیە عێراق لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیەکاندا دەمێنێتەوە تاکو دوایی جەنگی جیهانی دووەم، ( Abide, 2008: 8). شوێنەوارناسە ڕۆژئاوایەکان بایەخیان بە شوێنەوارەکانی میسۆپۆتامیا داوە بە تایبەت شوێنەوارەکانی سەردەمی پێش ئیسلام، پاشماوە شوێنەواریەکانی ئەم هەرێمە کۆنە بە شێوەیەکی بەردەوام بۆتە جێگایی سەرنجی شوێنەوارناسە ڕۆژئاوەیەکان لە کۆنەوە تاکو ئێستاش. شوێنەوار و سیاسەت لە عێراقدا تێکەڵ بە یەك بوون لە پێش دامەزراندنی حکومەتی عێراقی هەروەك چۆن کاری کنەوپشکنینی شوێنەواریەکان لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا سودیان لێوەرگیراوە لە لایەنی هەواڵگیریەوە بە تایبەت ئەو زانیاریانەی پەیوەند بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبووە لە بارەی کلتوور و خەڵك و زمانیان و نەخشەی جوگرافیەوە. بە هۆکاری نەبوونی زانیاری و هۆشیاری لە بارەی کلتوور و سیاسەتی پەیوەنیدار بە شوێنەواری وڵات و گرنگی شوێنەوار لە لایەن هەڵبژێردراوە سیاسیەکانی عێراق ئەوە پیشان دەدات کە ئەم پاشماوە شوێنەواریە بە نرخانە بە تەواوەتی پشت گوێ خرابوون. لەکاتێکدا دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە عێراقدا وەك جێگرەوەیەك بوون لە بەڕێوەبردنی بابەتی شوێنەواریەکان لە سەرەتادا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەمەش بە مەبەستی خۆپاراستن بووە لە دروست بوونی بایەخی بوونی نەتەوەیی لە لایەن عێراقیەکان کە دژی بەرژەوەندی بەریتانیەکان دەبووە لە لایەنی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسیانەوە. لە دواتردا کاریگەریەکانیان لە بواری شوێنەراری گۆڕاوە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی کارەکانیان کردوە وەك نوێنەر و سەرۆکی تیمی هەڵکۆڵینە شوێنەواریەکان توانیویانە کاربکەن و پارچە شوێنەواریەکان بنێرنە دەرەوەی عێراق. دۆزینەوەی گەنجینە شوێنەواریەکەی عێراق لەلایەن بەریتانیەکان دەستکەوتێکی گرنگی سەرکەوتنیان بووە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا وە لە ژێرکاریگەری سیاسەتەکانی Percy Cox کە لە نێوانی ساڵانی ١٩٢٢-١٩٢٦ دەسەڵاتی پێدراوە لە عێراقدا (Haider, 2001: 19-22). پارچە شوێنەواریە دۆزراوەکانی نێوان ساڵانی ١٩١٧-١٩٢٠ بابەتی خاوەنداریەتی شوێنەوارەکانی هێنایە پێش کە پێویستە بگەڕێنەوە بۆ کێ؟ ئەو وڵاتەی کە لێی دۆزراوەتەوە یان ئەو وڵاتەی کە کاری هەڵکۆڵینی شوێنەواریەکەیان ئەنجامداوە؟ بۆ ئەو نەتەوەی کە پاڵپشتی دارای دەستەی شوێنەواریان کردوە بەمەبەستی ئەنجامدانی هەڵکۆڵینی شوێنەواری؟ یان بۆ ئەونەتەوەی لە وڵاتەکە دەسەڵاتی باڵایی سیاسی هەیە؟ یان بۆ ئەو نەتەوەی کە نرخ و گرنگی شوێنەوارەکان دەزانن؟ پەیرەو کردنی کاری دابەشکردنی پارچە شوێنەواریەکان لە نێوان نەتەوە ڕۆژئاوایەکان بەشێوەیەکی زۆربلاو وە ڕەفتار کردنی ڕۆژئاوەیەکان وەك خاوەن دەسەڵات لە وڵاتێکی تازە دامەزراودا بەبێ ڕەچاوکردنی ماف و دەسەڵاتی عێراقیەکان بەسەر شوێنەوار و کەلەپوری خۆیاندا و ناردنە دەرەوەی پارچە شوێنەواریەکان بە شێوەیەکی نایاسایی ، ئەمە وایکرد کە حکومەتی عێراق بڕیاربدات بە دەرکردنی یاسایی پێویست و تایبەت بە شوێنەوار بۆ مەبەستی کەمکردنەوەی بردنەدەرەوەی شوێنەوارەکان و پاراستنی گەنجینەی مێژووی نەتەوەییەکەیان. یەکەم یاسایی پارستنی شوێنەواری لە عێراقدا

لە ساڵی ١٩٢٤ دەرچووە کە ڕەشنووسی یاساکە لە لایەن Gertrude Bell ەوە نوسراوە کە لە ساڵی ١٩٢٢ کرابوو بە بەڕێوەبەری شوێنەوار وکەلەپووری عێراق. مەبەست لە یاساکان بۆ ڕێکخستنی پاراستنی شوێنەوارەکانی وولات بووە لە هەڵمەتەکانی بردنەدەرەوە و بە تاڵانبردنی پارچە شوێنەواریەکان. هەرچەند ئەم یاسا نوێیانە کەمترین گومانی لای عێراقیەکان لابردوە بەرامبەر بە ڕۆژئاوایەکان لەسەر بە تاڵانبردنی پارچە شوێنەواریە بە نرخەکان، ئەوەی دەردەکەوت لەم یاسایانەدا زیاتر بە یاسایی کردنی بردنەدەرەوەی شوێنەوارەکان بووە نەك پاراستنی شوێنەوارەکان بۆ وولاتی خاوەن شوێنەوار کە عێراقە. دەرکردنی ئەم یاسایانە و نایەکسانی لە دابەشکردنی پارچە شوێنەواریە دۆزراوەکان بووە هۆ جوڵانی هەستی نەتەوەی لە بازنەیەکی سیاسیدا بەرامبەر بەم مامەڵە نایاسایانە و قۆرخکردنی پارچە شوێنەواریەکان لە لایەن بیانیەکان و بردنە دەرەوەیان. بەهۆی شارەزایی زیاتر میسریەکان لە بواری پاراستنی شوێنەوارەکان ڕێکخستنی یاساکانی بردنەدەرەوەی شوێنەوارەکان بۆیە عێراقیەکان بە بەراوردکردنی یاساکانیان بە یاساکانی میسر، حکومەت بڕیاری دەرکرنی یاسایی هاوشێوەیدا بۆ ڕێکخستنی بردنەدەرەوە و دابەشکردنی پارچە شوێنەواریە دۆزراوکان کە بەرپرسیاریەتی دابەشکردنی پارچە شوێنەواریە دۆزراوکان لە ئەستۆیی بەڕێوابەرایەتی شوێنەوار وکەلەپووردا بووە تاکو بەیاسا ڕێکبخرێت (Haider, 2001: 19-24). ئەوەی تێبێنی دەکرێت بە درێژایی مێژووی نوێی عێراق لە سیاسەتی ڕژێمە جیاوازەکاندا شوێنەوار و مێژووی وڵات بەکارهێنراوە بۆ پاساو هێنانەوە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتیان، عێراق وولاتێکە لە ژمارەیەك نەتەوەی جیاواز پێکهاتووە کە خاوەنی بیروورایی ئاینی جیاواز و زمان و کلتووری جیاوازن هەر ئەمەش وایکردووە دروستکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەی یەکگرتوو قورس بێت. بەتایبەت لەو سەردەمەدا دوو بیری نەتەوەی تر دژایەتی پێکهێنانی ناسنامەیەکی نەتەوەی یەکگرتوو بە بەکارهێنانی مێژوو شوێنەوارەکانی دەکرد ئەوەیش بیری نەتەوەپەرستی یەکیەتی عەربی ، بیری نەتەوەی عێراقی. ئەمە لە کاتێکدا کە بابەتەکانی شوێنەوار بە تایبەت شوێنەوارەکان پێش ئیسلام لەلایەن کەمینەی سیاسی وڵاتەوە پشت گوێ خرابوون چونکە مەلیکی عێراق بە ڕەگەز عێراقی نەبوو وە لە بنەماڵەی هاشمیەکان بووە کەواتە هیچ پەیوەندیەکی بە ڕەچەڵەك و ناسنامەی عێراقیەوە نەبووە، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن لە کاتی سەردانی هەڵکۆڵینی شوێنەواریەکانی ئور و وتاردان زۆر خۆیی پاراستووە لە ناوهێنانی هەر بیرورایەکی ئاینی و مێژووی کە دانیشتوان و نەتەوەکانی میسۆپۆتامیاو عێراق بەیەکەوە ببەستێتەوە، وە هیچ تۆمارێکی دەنگی نیە لە بارەی شوێنەوارەکان دوابێت و هیچ بەڵگەیەکی تر نیە کە بیسەلمێنێت کە سەردانی هیچ شوێنەوارێك و تیمێکی هەڵکۆڵینی تری کردبێت، بە شێوەیەکی گشتی بایەخی زۆرکەمیان بە بابەتی شوێنەواریەکانداوە. لە هەندێك بارودۆخدا دژی کردنەوەی مۆزەخانەی نیشتمانی و دروستکردنی بینایی مۆزەخانە بووە بەڵام بە هۆیی هەوڵەکانی گێرترود بیڵ توانراوە لە ناوەڕاستی مانگی شەشی ١٩٢٦ مۆزەخانەی نیشتمانی بکرێتەوە ، مەبەستی سەرەکی بیڵ ئەوە بووە نیشانی بدات کە خۆیی و هاوڕێ بەریتانیەکانی کارێکیان کردووە بۆ عێراقیەکان. یەکەم ڕاپۆرت لەو سەردەمەدا و لە ساڵی ١٩٢٧ دا بایەخدان بە شوێنەوارەکانەوە بسەلمێنی ڕاپۆرتی (ساطع الحصری) کە بۆ پەرلەمان نوسیویەتی و بەڕێوەبەری شوێنەوار وکەلەپوور بە هۆکاری دزین و بەتاڵانبردنی شوێنەوارەکان دەدانێت. ئەنجامی ئەم ڕاپۆرتە ئەوە بووە کە کۆمیتەی پەرلەمان بۆ ساڵی دواتر سەرپەرشتیاری شوێنەواری لەگەڵ تیمی بیانیەکان وە لە مۆزەخانە دانا، داوایانکرد هەرکاتێك بیانەوێت بتوانن گۆڕانکاری لە یاساکانی شوێنەواردا بکەن، وە پاڵپشتی دارایی دوو خوێندکاریان کرد کە لە دەرەوەی وولات شوێنەوار و زمانە کۆنەکان بخوێنن ئەوانیش ( طه باقر و فؤد سەفەر) بوون کە دوو لە بەناوبانگترین شوێنەوارناسەکانی عێراقن ( Baram, 1994: 280-285). لە ساڵی ١٩٣٠ دا لیژنەی پەروەردەی پەرلەمان داوایی خوێندنی کۆرسی شوێنەواری کرد لە قۆناغی ئامادەیی بخوێندرێت ئەم بابەتە بەناو هەموو دامەزراوەکانی حکومەتدا بڵاوبۆوە و تەنانەت دامەزراوە سەربازیەکانیشی گرتەوە هەروەها داوای نوێکردنەوە و فراونکردنی مۆزەخانەیان کرد. بەم شێوەیە دروستکردنی هێڵێك لە نێوان مێژوو شارستانیەتە کۆنەکانی سەرزەمینی میسۆپۆتامیا و عێراقی نوێ دروست بوو بە هۆیی بەرزکرنەوەی هەستی نەتەوەپەرستی لایی عێراقیەکان بۆ پیشاندانی بەڵگە شوێنەواریەکان کە هەزاران ساڵ تەمەنیانە و بەڵگەن لەسەر بوونی ژیان و شارستانیەت لەسەر خاکی عێراقدا وا دەردەکەوت کە بۆ یەکەمجار سیاسیەکان دانبنێن بە شوێنەوارو پێشینەی مێژوویەی کە عێراقی نوێ و میسۆپۆتامیا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بۆ بەرزکردنەوەی ئەم هەستە یەکێك لە بابەتەکانی مۆزەخانە کە وەك بەڵگەیەك گرنگ بوو بۆ پیشاندانی گرنگی شوێنەواری و بەستنەوەی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

وڵات بە مێژوو ڕابردووی نەتەوەیەوە، ئەو وێنەی مەلیك فەیسەڵە كە لە نێوان ژمارەیەك لە سەركردە مێژوویەكانی نەتەوە جیاوازەكانی سەر زەمینی مسیۆپۆتامیادا كێشراوە لەوانە سەرجۆنی یەكەم، حامورابی، نەبوخسنەسر، گودیا، ئورنەمۆ، نەرامسن ( وێنەی ١ ) مانای ئەوە دەگەیەنێت كە مالیك وەك دواهەمین پاشایی بەناوبانگ و بەتوانایی ئەم هێڵە مێژوویە و بەیەكەوە بەستنەوەی ئێستا بە ڕابردووەوە بە شێوەیەكی زۆر توند ئەوە دەگەیەنێت كە روحە كۆنەكان لە ناو كۆمەڵگەدا ماونەتەوە و دەژین ئەگەر بێت و تاكی كۆمەڵگەی نوێ پشتگیری مێژوو كارەكانی پێشین بكەن.  لە نێوان ساڵانی ١٩٣٢-١٩٣٤ هەڵمەتیكی دژایەتی كردنی تیمە بیانیەكان دەستی پێكرد كە لە هەڵمەتەكەدا تیمە بیانیەكان و شوێنەوارناسە بیانیەكانیان بە هۆكاری بە تاڵان بردنی شوێنەوارەكان و گەنجینەی نەتەوەیەكەیان دانراون. هانی حكومەتیان دەدا بۆ ڕاهێنانی شوێنەوارناسە عێراقیەكان بۆ پاراستنی شوێنەوار و كەلەپوریان، دەرئەنجامیش ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٣٦ یاسایی زۆر توند و تایبەت بە پاراستنی شوێنەوارەكان دەركران (Pettengill, 2012: 30-34).




Figure 1

‘Great Figures in Iraqi History’. King Faysal, I surrounded by rulers

of ancient Mesopotamia and Abbasid caliphe al-Mutawwakil

(Frontispiece in A Guide to the Iraq Museum Collections. Baghdad: Government of Iraq Press, 1942)

## دەرئەنجام:

١- پاشماوە شوێنەواریە دۆزراوەکانی هەڵکۆڵینی شوێنەواریەکان و توێژینەوەکانی بواری شوێنەواری گرنگی زۆریان هەیە بۆ دەرخستنی ناسنامەی نەتەوەی و مێژووی شوێنەواری وولاتان بە تایبەت مسیۆپۆتامیا وە گرنگیەکەی وەك لانکی شارستانیەت لەسەر ئاستی جیهان هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی زانستی شوێنەوارناسی تاکو ئەم سەردەمەش بۆتە مەڵبەندێکی گرنگی توێژەرانی شوێنەوارناسی جیهان.

٢- شێوازی بەرێوە بردن و کەسایەتی مەلیك فەیسەڵ کە بە رەچەلەك عێراقی نەبووە وا دەردەکەوێت کە ئەوەندەی گرنگی بە ناسنامەی نەتەوە پەرستی عەرەبی داوە ئەوەندە گرنگی بە ناسنامەی نەتەوەی عێراقی و میسۆپۆتامی نەداوە ئەمە لەگەڵ بەرژەوەندی بەریتانیەکان بۆ بەتاڵانبردنی شوێنەوارەکان یەکی دەگرتەوە.

٣- نەبوونی یاسایەك بۆ پاراستنی شوێنەوارەکان و نوسینی یاسای پاراستنی شوێنەوارەکانی عێراق لەلایەن کە سێکی بیانی بەریتانی کە دەردەکەوێت ئەم یاسایانە زیاتر بۆ بەیاسای کردنی بردنەدەرەوەی پارچە شوێنەواریەکان بووە نەك بۆ پاراستنیان.

٤- بە شێوەیەکی گشتی لە دوا ساڵانی ١٩٣٠ بە دواوە بزوتنەوەیەکی نەتەوەی بۆ پاراستنی شوێنەوارەکان و گۆڕینی یاساکانی پاراستنی شوێنەوارەکان هاتۆتە ئاراوە کە گرنگیەکی زۆری هەبووە بۆ بابەتی ناسنامەی نەتەوەی و پاراستنی شوێنەوارەکانی عێراق.

٥- میسۆپۆتامیا وڵاتێکی دەوڵەمەند و خاوەن شارستانیەتێکی مەزن بووە ، هەر ئەمەش وایکردووە ببێتە جێگای سەرنج و چاوتێبڕینی وڵاتانی داگیرکەر، بۆیە دەبینین زۆربەی شوێنەوارە گرنگەکانی دزراون و براونەتە دەرەوە، ئەم توێژینەوەیە ئاسانکاری باش ئەکات بۆ توێژەران و لایەنی بەرپرس تاوەکو بەدواداچوون بۆ ئەو شوێنەوارانە بکەن کە بونەتە ناسنامەی وڵاتی عێراق.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## سەرچاوەکان:

1.Abdi, K. (2008). From Pan-Arabism to Saddam Hussein's cult of personality: Ancient Mesopotamia and Iraqi national ideology. Journal of Social Archaeology, 8(1), 3-36.

2.Anderson, B. (2006). Imagined communities: Reflections on the origin and spread of nationalism. Verso books.

3.Batatu, H. (1978). The old social classes and the revolutionary movements of Iraq (p. 6506991190). Princeton, NJ: Princeton University Press.

4.Baram, A. (1994). A case of imported identity: the modernizing secular ruling elites of Iraq and the concept of Mesopotamian-inspired territorial nationalism, 1922-1992. Poetics Today, 279-319.

5.Bell, G. L. (1927). The letters of Gertrude Bell/selected and edited by Lady Bell.

6.Bernhardsson, M. T. (2005). Reclaiming a plundered past: Archaeology and nation building in modern Iraq. University of Texas Press.

7.Eric, H. (1992). The invention of tradition. Cambridge University Press.

8.Haider, H. A. (2001). Nationalism, Archaeology and Ideology in Iraq from 1921 to the Present.

9.H.R. Gibb, J. H. Knmers, E. Levi-Provencal and J. Schacht, eds. The Encyclopedia of Islam.1960 edition, (London: E. J. Brill) s.v."al-Djazira" by M. Canard. vol. 2, pp. 523-524

10.Kuklick, B. (2018). Puritans in Babylon: the ancient Near East and American intellectual life, 1880-1930. Princeton University Press.

11.Makdisi, U. (1997). Reclaiming the land of the Bible: Missionaries, secularism, and evangelical modernity. The American Historical Review, 102(3), 680-713.

12.Oates, D. (1968). Studies in the ancient history of northern Iraq. British Academy.

13.Pettengill, M. (2012). Nationalism, Archaeology, and the Antiquities Trade in Turkey and Iraq.

14.Rich, C. J. (1818). Memoir on the Ruins of Babylon (Vol. 2). Longman, Hurst, Rees, Orme, and Brown.

15.Simon, R. S. (1997). The imposition of nationalism on a non-nation state: the case of Iraq during the interwar period, 1921-1941. Rethinking Nationalism in the Arab Middle East, 87-104.